# ئاگایی مێتاپراگماتیکی درکپێکردنانە لە زمانی کوردیدا

**ئاڤێستا کەمال مەحمود، شەهێن سالار محمد**

بەشی کوردی، کۆلێژی زمان، زانکۆی سلێمانی، سلێمانی، هەرێمی کوردستان، عێراق.

**پوختە-** توێژینەوەکە بەناونیشانی (ئاگایی مێتاپراگماتیکی درکپێکردنانە لە زمانی کوردیدا ) یە. ئامانجی توێژینەوەکە لێکۆڵینەوەیە لە پەیوەندی نێوان ئاگایی مێتاپراگماتیکی درکپێکردنانە (توانایی بەکارهێنانی پراگماتیکانەی زمان بە شێوەیەکی گونجاو) و زمانی کوردی، دەڕوانێتە سەر ئەوەی چۆن کلتوور و زمانی کوردی وەک بنەمایەکی بەهێز کاریگەری لەسەر شێوازە پراگماتیکییەکانی قسەکردن و تێگەیشتن هەیە .

توێژینەوەکە بەشێوەیەکی ڕەهەندی شیکردنەوە دەکات، سەرەتا باس لە ئاگایی مێتاپراگماتیکی درکپێکردنانە دەکات. پاشان بەشیکردنەوەی نموونە ڕاستەقینەکان لە زمانی کوردی، ئەو ڕاستییە ڕووندەکاتەوە، کە بەکارهێنەری زمانی کوردی بەشێوەیەکی ئاگایی مێتا-پراگماتیکی زمانەکەی بەکاردەهێنێت بۆ درکپێکردن و شیکردنەوەی ئەو مەبەست و واتایانەی، کە هەن. ئەویش لەڕێگەی شیکردنەوەی پەیوەندی نێوان ئاگایی مێتاپراگماتیکی درکپێکردنانە و (کلتووری کوردی، کۆزانیاری و بناغەی هاوبەش، فۆنێم و وشەکانی زمانی کوردی، ڕستە و داڕشتەی ڕستە). ئەوە نیشاندەدات، کە قسەکەرانی کورد چەند بە ئاگاییانە زمانی خۆیان بەکاردەهێنن بەپێی بەشداربوانی ئاخاوتن و بۆنە کۆمەڵایەتییەکان. هەروەها ئەوە دەخاتەڕوو چۆن کلتوور و زمانی کوردی کاریگەرییان لەسەر گەشەکردن و بەرەو پێشچوونی ئاگایی مێتاپراگماتیک هەیە و لەبەرانبەریشدا ڕۆڵ و گرنگی ئاگایی لە چۆنێتیی بەکارهێنانی زمان بەشێوەیەکی گونجاو دەخاتەڕوو.

**کلیلە ووشەکان-** ئاگایی، درکپێکردن، مێتاپراگماتیک، کۆزانیاریی.

## پێشەکی:

ئاگایی مێتاپراگماتیکی درکپێکردنانە، وەک بوارێکی نوێی زمانەوانی، لێکۆڵنەوە لە چۆنێتیی بەکارهێنانی زمان بەشێوەیەکی گونجاو دەکات بەپشت بەستن بە کۆزانیاری دەوروبەری لە کلتوور و زمانی کوردیدا. ئاگایی مێتاپراگماتیک بابەتێکی نوێی لێکۆڵنەوەیە لەزمان و ئامانجی خستنەڕوو و شیکردنەوەی پەیوەندی نێوان بەکارهێنانی زمان و ئاگایی (کۆزانیاری)یە. ئەم بابەتە وەک بابەتێکی سەربەخۆ لە زمانی کوردیدا، لێکۆڵینەوەی لەسەر نەکراوە. واتە وەک کەلێنێکە لەزمانەوانی کوردیدا، کە ئەم توێژینەوەیە تا ڕادەیەکی باش هەوڵی پڕکردنەوەی ئەو کەلێنە دەدات، بۆ گەیشتن بەمەش میتۆدی پەسنی شیکەرەوەی پێڕەوکراوە، کەرەستەی توێژینەوەکە زاری ناوەڕاستە. توێژینەوەکە لە دووبەش پێکهاتووە، بەشی یەکەم تەرخانکراوە بۆ باسکردن و ناساندنی ئاگایی مێتاپراگماتیکی درکپێکردنانە، هەرچی بەشی دووەمە تایبەتە بە باسکردنی ئاگایی مێتاپراگماتیکی درکپیکردنانە لە زمانی کوردیدا و شرۆڤەکردنی کاریگەرییەکانی لایەنی زمان و کلتووری کوردی و ئاگایی مێتاپراگماتیکی درکپیکردنانە لەسەر یەکتر.

### ١ .ئاگایی مێتاپراگماتیکی درکپێکردنانە:

مێتاپراگماتیک ئاماژەیە بۆ ئاگایی و هۆشیاری سەبارەت بە بەکارهێنانی پراگماتیکانەی زمان- چۆن قسەکەران بیر لە بەکارهێنانی زمان دەکەنەوە؟ چۆن ڕێکی دەخەن یان سەرنج دەدەن؟ واتە بیرکنەوەیە لە چۆنێتیی بەکارهێنانی زمان بە ئاگاییەوە((ئاگاداربوونە لە هۆکارەکانی وەک تۆنی دەنگ، زمانی جەستە، جیاوازییە کلتوورییەکان و کۆزانیاری دەوروبەری لەکاتی پەیوەندیکردن لەگەڵ کەسانی تردا))
.(Mubasher et al., 2024:238-247)

ئاگایی مێتاپراگماتیکی درکپێکردنانە نوێترین تیۆریی لێکۆڵینەوەیە لە زمان، کە بریتییە لە لێکۆڵینەوە لەوەی، کە چۆن کاریگەری و بارودۆخی بەکارهێنان دەبنە بابەتی گوتار، ئاماژەیە بۆ ئەو ئاگاییانەی، کە لە بواری پراگماتیکدا پێویستن، لە پەیوەندیی مرۆڤ و ئەو دەوروبەرەی، کە تێیدایە دەکۆڵێتەوە .

چۆن قسەکەران ئاگاداری لایەنە پراگماتیکییەکانی بەکارهێنانی زمانن لە دەوروبەرە جیاوازەکاندا ((بەکارهێنانی پراگماتیکییانەی زمان ئاماژەیە بۆ بەکارهێنانی زمان بەشێوەیەکی کاریگەر لە کارلێکە کۆمەڵایەتییەکان بۆ گەیاندنی واتا مەبەستەکان و گەیشتن بە ئامانجەکانی پەیوەندیکردن)) (سەرچاوەی پێشوو) .

بریتییە لەوەی چۆن مرۆڤەکان زمان بەکاردەهێنن بۆ قسەکردن لە خودی بەکارهێنانی زمان، دیاریکردنی ئەو یاسایانەی، کە پرۆسەی پەیوەندیکردن بەڕێوەدەبەن.

بەمشێوەیە ((کارکردنی مێتاپراگماتیک خزمەت بە ڕێکخستنی ئاماژەکان دەکات بۆ لێکدانەوەی ڕووداوەکان، لەکاتی بەکارهێنانی زمان لە کارلێکەکاندا، بەواتایەکی تر کارلێکی بەردەوام لەنێوان پراگماتیک و مێتاپراگماتیکدا هەیە)). (Verschueren, 2000:442) ،واتە مێتاپراگماتیک ڕێسا دادەنێت بۆ واتادانی ئاماژەکان لە ڕووداوەکاندا، کە زمان خۆی دروستی دەکات، بەبێ پەیوەندی نێوان پراگماتیک و مێتاپراگماتیک ئەم واتادانە بوونی نابێت. دەتوانرێت بوترێت ((هەر کردەیەکی پراگماتیکی هەبێت، هەمیشە ئەگەری کارکردنی مێتا پراگماتیک هەیە)) (سەرچاوەی پێشوو:٤٤١)، بەمەش مێتاپراگماتیکی درکپێکردنانە لەپەیوەندیدا بەتەواوی پێویست دەبێت ئەگەر بمانەوێت لە چۆنێتیی بەکارهێنانی زمان تێبگەین.

لەمەوە دەکرێت بوترێت، پەیوەندییەکی پتەو لەنێوان مێتاپراگماتیک و بەکارهێنانی زمان- *meta_language*دا هەیە، لەبەرئەمە((مێتا لانگویج بابەتێکی گرنگە بۆ لێکۆڵینەوەی زمانەوانی، چونکە ڕەنگدانەوەی ئاگایی مێتا پراگماتیکە))

مجلة جامعة التنمية البشرية

المجلد 12، العدد 3(2026)؛ عدد الصفحات (10)؛ معرف الكائن الرقمي: 10.21928/juhd.v12n3y2026.pp90-99

ورقة بحث منتظمة: أُستلم البحث في 6 تشرين الأول 2025؛ قُبل في 23 تشرين الثاني 2025؛ نُشرت في 21 تموز 2026؛

البريد الإلكتروني للمؤلف : avesta.mahmud@univsul.edu.iq, shahen.muhammad@univsul.edu.iq

حقوق الطبع والنشر ©2026 ئاڤێستا کەمال مەحمود، شەهێن سالار محمد. هذه مقالة الوصول اليها مفتوح موزعة تحت رخصة المشاع الإبداعي النسبية - CC BY-NC-ND 4.0

(Verschueren, 2000:439) بەمپێیە لێکۆڵینەوە لە ڕەهەندی مێتالانگویج دەتوانرێت ناوی لێبنرێت مێتاپراگماتیک. (تۆماسێلۆ"١٩٩٩" )، بەمشێوەیە وەسفی مێتا لانگویج دەکات، کە بریتییە لە: (( دەستێوەردانەکانی گفتوگۆی وەک (مەبەستت لەوە چییە؟) یان (ئەوە ئەوەنییە، کە من وتم) )) (سەرچاوەی پێشوو:٤٤٠) مەبەست لە چۆنێتیی بەکارهێنانی زمانە بەشێوەیەکی گونجاو بۆ سەرکەوتن و کاریگەربوونی پەیوەندی.

واتە سەرنج لەسەر خودی زمانە بەکارهێنان و کۆنترۆڵکردنی بەتایبەت چۆنێتیی بەرهەمهێنانی واتا .

زاراوەی"مێتاپراگماتیک" لەلایەن (مایکل سیلڤەرشتاین - *(Silverstein*لە (١٩٧٦)، کە ئەنترۆپۆلۆجیستێکی زمانەوانییە بۆ یەکەمجار بەکارهات، دوای ئەوەی جیاوازی کرد لەنێوان ئەرکی پراگماتیک (بەکارهێنانی زمان لە دەوروبەردا) و ئەرکی مێتاپراگماتیک (چۆن قسەکەران ڕێنمایی بەکارهێنان و لێکدانەوەی زمان دەکەن) دا، کە گوێگر لەڕێگەی کردارە مێتاپراگماتیکییەکانی، وەک سەرنج، ئاماژە مێتاپراگماتیکییە ناڕاستەوخۆکان (تۆنیدەنگ، زمانیی جەستە، هەڵبژاردنی فەرمیی/نافەرمیی، جوڵەی دەموچاو...) دەتوانن واتای مەبەست دەربخەن.

سیلڤەرشتاین مێتاپراگماتیکی بە" پراگماتیکی ڕەنگدانەوەی" پێناسە کردووە، کە توانای بیرکردنەوە و شیکردنەوەی بەکارهێنانی زمانی خۆی و ئەوانی تر، دانان بەو یاسا و ڕێکەوتنە ناڕاستەوخۆیانەی، کە بەکارهێنانی زمانی پراگماتیک بەڕێوەدەبەن، دەگرێتەوە .

مێتاپراگماتیک زانینی چۆنێتیی بەکارهێنانی زمانە بەئاگایانە و هۆشیاریی، یارمەتیدەرە لەوەی کەی و چۆن زمان بەشێوەیەکی گونجاو بەکاربهێنن. بەمەش ڕۆڵێکی گرنگی هەیە لە کارلێکە کۆمەڵایەتییەکان و پەیوەندییە ڕۆژانەییەکاندا، چونکە گرنگی بە چۆنێتیی (( بەکارهێنانی خودی زمان دەدات لە چوارچێوەیەکی دیاریکراودا، بۆ گەیشتن بە ئامانجێکی دیاریکراو)) (Triyuono & Dirham, n.d.).

واتە بریتییە لەزانینی ئەوەی چۆن قسە لەگەڵ کەسی بەرانبەردا دەکەیت، چ وشە و ڕستەیەک بەکاردەهێنیت؟ ئایا شێوازی قسەکردنیی فەرمی/نافەرمی بەکاردەهێنیت؟ ..تاد

دەتوانرێت لەڕێگەی چەند ستراتیجییەک، یاخود چەند ڕێگەیەکی مێتاپراگماتیکییەوە، گفتوگۆکردن بەشێوەیەکی گونجاو و سەرکەوتوو ئەنجامبدرێت .

یەکێک لەڕێگاکان بۆ باشتر قسەکردن و هەڵبژاردنی شێوازی گونجاویی بەکارهێنانی زمان، بریتییە لە پلاندان، کە ((زۆر گرنگە، چونکە پشتگیری هزری مرۆڤ دەکات بۆ بیرکردنەوە بە وردیی))(Okmawati, 2021:187) ، کەواتە پەرەپێدان بە پلانێکی باش، ڕێگە بە مرۆڤ دەدات بزانێت، کە بڕیارە چی بکات، چی بەدەستبهێنێت و چۆن بەدەستیبهێنێت، بەمەش دەکرێت پلاندان بەستراتیجییەکی زۆر گرنگی مێتاپراگماتیکی درکپێکردنانە دابنرێت ، بۆئەوەی باشترین ئەنجام لە پرۆسەی پەیوەندیکردندا بەدەستبهێنرێت .

یەکێکی تر لە ڕێگەکانی باشتر بەکارهێنانی زمان بەشێوەیەکی پراگماتیکانە چاودێریکردنە ((چاودێریکردن دەتوانرێت وەک کۆنترۆڵکردن و هەبوونی کردارە دروستەکان بۆ پشکنینی پێشکەوتنی قسەکەران بۆ ئەنجامێکی جێگەی ڕەزامەندی لێکبدرێتەوە)) (سەرچاوەی پێشوو:١٨٨) یاخود ((هەڵسەنگاندنێکی دووبارەیە، دەستنیشانکردنە بۆ هەرچالاکییەک یان ڕەفتارێک)) (سەرچاوەی پێشوو:١٨٨) بەمشێوەیە دەکرێت، وەک پێوەرێکی سەرەکی بۆ بەکارهێنانی گونجاوی زمان و وەک توخمێکی بنەڕەتی بۆ سەرکەوتنی پەیوەندیکردن دابنرێت.

گرنگیی ئەم ڕێگە یان ستراتیجییەی مێتاپراگماتیکە لەوەدایە، ڕێگە بە مرۆڤ دەدات ((ئاگاداری ئەوەبێت، کە چی دەکات، یان پرۆسەی هزری خۆی بخاتە ژێر لێکۆڵینەوەی ئاگادارانە))

(Zhang & Guo, 2014:88)، بەمشێوەیە ڕۆڵێکی گرنگ لە بەکارهێنانی پراگماتیکانەی زماندا دەگێڕێت بەشێوەیەکی ئاگایانە و ((ئاگاداربوونە لەو ڕێگایانەی، کە گوتنەکان یان کۆمەڵێك هەڵبژاردنی پێکهاتەیی لە چوارچێوەیەکی کاتی، کۆمەڵایەتی یان گوتاردا جێگیردەبن)) (Verschueren, 2000:444)مەبەست لەمەش ئەوەیە، لەکاتی پەیوەندیکردندا شێوازی گفتوگۆ و هەڵبژاردنی وشە و دەستەواژەکان بەپێی چوارچێوەی گوتنەکە دەگۆڕێن، واتە هەر جۆرێکی پەیوەندیکردن شێواز و وشەی تایبەت بەخۆی هەیە، بۆنموونە ((پەیامگەلێک هەن، کە بە پلەی یەکەم خزمەت بە دامەزراندنی پەیوەندیکردن، درێژکردنەوە یان وەستاندنی پەیوەندیکردن دەکەن(سڵاو گوێت لێمە؟) بۆ ڕاکێشانی سەرنجی گوێگرەکە یان بۆپشتڕاستکردنەوەی سەرنجی بەردەوامی ئەوە (ئایا گوێ دەگریت؟) )) (Jakobson, n.d.:1960:355) هەربۆیە قسەکەران پێویستە ئاگاداری ئەو شێوازە جیاوازانە بن، چونکە بەبێ ئەم پرۆسەی جێگیربوون و لەنگەرگرتنە ڕەنگە هەر کردارێکی پرۆسێسکردن یان هەر لێکدانەوەیەک ئەستەمبێت، ئەمەش لە نموونەی (١) دا ڕووندەکرێتەوە.

**(١): "مەبەستم ئەوەنییە بێڕێزی بکەم، بەڵام".....**

ئێستا ئەگەر لەنموونەی (١) بڕوانرێت، دەردەکەوێت، کە قسەکەرانی زمانی کوردی کاتێک بیانەوێت ڕوونکردنەوەیەک بدەن بەشێوەیەکی بەڕێزانە و پەسەندکراو لەلایەن کۆمەڵگای کوردییەوە، ئەوا بەزۆری ئەو دەستەواژانە بەکاردەهێنن، کە چوارچێوەیەکی مێتاپراگماتیک بۆ ئەوەی لەدوای ئەوە دێت دادەنێت، یاخود بەکاریان دەهێنن بۆ نەرمکردن و سادەکردنەوەی قسەکان کاتێک دەزانێت گوێگر کەسێکی منداڵە. لەم ڕوانگەیەوە مێتاپراگماتیک ڕێگە بە تاکەکان دەدات، کە چاودێری و ڕێکخستنی پەیوەندییەکانیان بکەن لە کاتی ڕاستەقینەدا بە پشت بەستن بە فیدباک و دەوروبەر. بەمشێوەیە ئەم ڕێگا و شێوازانەی قسەکردن دەکرێت ڕۆڵی بەرچاویان هەبێت بۆ زیادبوون و گەشەسەندنی ئاگایی مێتاپراگماتیکی درکپێکردنانە، لە کارلێک و پرۆسەی پەیوەندیکردندا.

مێتاپراگماتیکی درکپێکردنانە لەڕێگەی کۆزانیاری ناو هزر و کۆزانیارییە دەوروبەرییەکانەوە (فیزیکی، ئەبستمی، کۆمەڵایەتی، دەق، کلتووری،...تاد) ڕێگە بە بەکارهێنانی پراگماتیکیانەی زمان دەدات بەشێوەیەکی گونجاو و سەرکەوتوو لەلایەن قسەکەرانەوە، لە ڕوانگەی پراگماتیکی درکپێکردنانەوە کۆزانیارییە هزرییەکان، لەڕێگەی کارکرن لەگەڵ دونیای دەرەوە/دەوروبەردا بەدەستدەهێنرێن. دەکرێت دابنرێت بەوەی، کە بریتییە لە خوێندنەوەی پرۆسەکانی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان و چۆنێتیی درکپێکردنیان، بەمەبەستی تێگەیشتن لە چۆنێتیی گونجاندنی زانیارییەکانی ناو هزر لەگەڵ زانیارییەکانی دەوروبەری فیزیکی، کۆمەڵایەتی، کلتووری، ئەبستمی و دەقدا. لەبنەڕەتدا زانیارییەکانی هزر هیچ جیا نییە لە زانیارییەکانی دەوروبەر، بیرکردنەوە و درکپێکردن بەتەواوی پەیوەستە بە ئەزموون و زانیارییەکانی دەرەوە .

ئەم پرۆسەیە ڕێکخستن و چاودێریکردنی خودی زمانە بۆئەوەی لەگەڵ چوارچێوەی پەیوەندیکردندا بگونجێت، وەک لە نموونەی (٢) دا ڕووندەکرێتەوە:

**(٢): بەمشێوەیە قسە لەگەڵ من مەکە.**

لەڕووی ئاگایی مێتاپراگماتیکی درکپێکردنانەوە، کاتێک کەسێک دەڵێت: "بەمشێوەیە قسە لەگەڵ من مەکە."، گوێگر تێدەگات، کە ئەمە داواکارییەکە بۆ گۆڕینی شێوازی قسەکردن، چونکە هەست بە تۆنی ناڕازیی قسەکەر دەکات و تێدەگات، ئەو شێوازەی بەکاریهێناوە گونجاونییە بۆ پەیوەندییەکە بەپێی ئەو چوارچێوەی تێیدایە، ئەم ئاگاییە یارمەتیی تاکەکان دەدات، لە هەڵبژاردنی وشە و شێوازی گونجاو بەپێی جۆری پەیوەندییەکە و ڕێزگرتن لە سنوورە کۆمەڵایەتییەکان و هاوسەنگککردنی هێز و دەسەڵات لە کاتی گفتوگۆدا، بە واتایەکی تر ئەم ئاگاییە یارمەتیی ڕێکخستن و بەکارهێنانی گونجاویی زمان دەدات.

بیرکردنەوەیە لەوەی، کە ((چی ڕوودەدات کاتێک زمان بەکاردەهێنرێت"چ لە قسەکردندا بێت یان لێکدانەوەدا"، شیکارییە پراگماتیکییەکان دەبێت لەگەڵ ڕۆڵی ئاگاییدا بگونجێن بۆئەوەی لە ڕەفتاری زمانەوانی تێبگەین)) (Verschueren, 2000:444). واتە ئاگایی مێتاپراگماتیکی

درکپێکەدنانە لێرەدا بریتیی دەبێت لە زانینی ئەوەی، کە چی ڕوودەدات کاتێک لەڕووی کۆمەڵایەتییەوە سەرقاڵی گفتوگۆین. ئەمەش ئەوە دەگرێتەوە کە قسەکەران لە کاتی پەیوەندیکردن وبەکارهێنانی زماندا کەم تا زۆر دەزانن، کە چی دەکەن)) (سەرچاوەی پێشوو:٤٤٤) ئەمەش هۆکارە بۆ دروستکردنی پەیوەندی کاریگەر بۆنموونە دەتەوێت داوای ڕۆژێک پشوو لە بەرپرسی کارەکەت بکەیت، لەبری ئەوەی بڵێیت:

**(٣): آ- هەفتەی داهاتوو پێویستم بە ڕۆژێک پشووە.**

دەڵێیت:

**ب- ئایا دەکرێت هەفتەی داهاتوو ڕۆژێک پشوو وەربگرم؟ دڵنیایی دەدەم هەموو کارەکانم لەکاتی خۆیدا تەواوبکەم.**

بەمجۆرە مێتاپراگماتیک لە کردەی پەیوەندیکردندا ڕێنمایی ڕەفتاریی کۆمەڵایەتی دەکات، کە ئەمەش یارمەتیی تاکەکان دەدات لەوە تێبگەن، کە چۆن بەشێوەیەکی گونجاو لە چوارچێوە کۆمەڵایەتی و کلتوورییە جۆراوجۆرەکاندا قسەبکەن؟ چۆن بتوانن لەڕێگەی شێوازە جۆراوجۆرەکانی قسەکردنەوە مەبەست و واتاکانیان بگەیەنن بە گوێگر؟ گوێگریش لەڕێگەی لێکدانەوەی ڕستەکان و ئاگاداربوون لە بیروباوەڕ، ئارەزوو، مەبەستی ئەوانیترەوە بزانێت بەڕاستی مەبەستی قسەکەر چییە؟ و لە دەربڕاوە ناڕاستەوخۆکان تێبگات. واتە ئاگاداربوون لە ئارەزووەکانی ئەوانی تر لەکاتی گفتوگۆدا زۆر گرنگە، چونکە ڕێنمایی تاکەکان دەکات لە چۆنێتیی لێکدانەوەی واتای ئەوانی تردا. لەمەوە دەکرێت بوترێت ((ڕێگەی گونجاو بۆ گەیشتن بە سەرکەوتنی پەیوەندیکردن ئەوەیە، کە زانیاریی مەبەست بگەڕێنرێتەوە بۆ کەسی قسەکەر)) (Kissine, 2016:3)ئەمەش ئاماژە بەوە دەکات، ئەگەر گوێگر بیەوێت لە مەبەستی قسەکەر تێبگات، پێویستە لێکدانەوەکانی لەسەر بنەمای گەڕاندنەوەی نیاز و مەبەستەکانی پەیوەندیکردن بۆ کەسی قسەکەر ئەنجامبدات، تاکو بتوانێت واتای مەبەست دەربخات.

گەڕاندنەوەی زانیاری بۆ نیازی قسەکەر وادەکات لێکدانەوە و هەڵهێنجاندنەکان لە گریمانە پەیوەندیدارەکانەوە دەرچن بۆ پەیوەندیدارترین زانیاری، بە لەبەرچاوگرتنی ئارەزوو و نیازەکانی قسەکەر بۆ واتای مەبەست، چونکە گەیاندنی زانیاری پەیوەندی بە پرۆسە هزرییەکانی قسەکەرەوە هەیە.

مرۆڤ دەتوانێت لەڕێگەی ستراتیژییەکانی مێتاپراگماتیکەوە تێنەگەیشتنەکان یان هەڵە تێگەیشتنەکان ڕوونبکاتەوە لەکاتی کارلێکەکاندا، بۆنموونە وتنی" مەبەستم ئەوەنەبوو، کە......." یارمەتیی چارەسەرکردنی ناڕوونییەکان دەدات. واتە ئاگایی مێتاپراگماتیک یارمەتیی تاک دەدات چاودێریی چۆنێتیی بەکارهێنانی زمانی خۆی بکات لە کردەی پەیوەندیدا و دەستکاریکردنی لەکاتی پێویستدا بۆ ئاگاداربوون لە هەڵە تێگەیشتنەکان و ڕوونکردنەوەی دەربڕاوەکان. هەربۆیە (( خۆچاودێریکردن، لەهەر ئاستێکی گرنگدا، هەمیشە بەردەوامە))
(Verschueren, 2000:444)

لە ئاگایی مێتاپراگماتیکی درکپێکردنانەدا سەرنج لەسەر چۆنێتیی زانین و شیکردنەوەی ڕاستەوخۆی پرۆسەپراگماتیکییەکانە، ئەم پرۆسانەش ((ڕەنگە هەم لە ئاستی نائاگا و هەم لەئاستی ئاگاییدا ڕووبدەن، بەڵام هێشتا لەڕووی کارکردنیانەوە جیاوازن)) (Kissine,2016:6) مەبەست لەمەش ئەوەیە بەکارهێنانی زمان لە هەموو بارێکدا پێویستی بە ئاگایی نییە، واتە (( هەموو شتێک، کە لە ڕەفتاری زمانەوانیدا ڕوودەدات، هەمان شوێن لە ئاگاییدا داگیرناکات))، مەبەست لەمەش ئەوەیە، کە هەموو ڕەفتارێکی زمانی پێویستی بە ئاگایی نییە، بۆنموونە لەکاتی قسەکردندا، مرۆڤ بیر لە یاساکانیی ڕێزمان ناکاتەوە، بەڵکو بەشێوەیەکی سروشتی قسەدەکات. بە واتایەکی تر وشەکان هەڵدەبژێرێت بێئەوەی بیر لە بنەما و پێکهاتەکانیان بکاتەوە، بەپێچەوانەی هەندێک ڕەفتاری ترەوە، کە دەبێت بزانرێت بۆچی وتەیەک یان قسەیەک لە چوارچێوەیەکدا گاڵتەجاڕانە یان ناڕاستەوخۆبووە؟ بتوانێت شیکردنەوە بۆ یاسا پراگماتیکییەکان بکات و دیارییان بکات.

بەمشێوەیە (( پرۆسەی مێتاپراگماتیک دەبێتە هۆی چاودێریکردنی بوونیادنانی ناوەڕۆکی گوتن))(Kissine, 2016:7) ، کە مەبەست لە چۆنێتیی گەیاندنی واتایە. واتە ئاگایی مێتاپراگماتیک ڕێگە بە تاک دەدات بەجۆرێک زمانەکەیان بەکاربهێنن، کە یارمەتیدەربێت لە گەیشتن بە ئامانجە پەیوەندیدارەکان.

لەکۆتاییدا دەکرێت ئاماژە بەوە بکرێت، کە مێتاپراگماتیک بوونی ئاگایی و کۆزانیارییە لە زانستی پراگماتیک، تێگەیشتن لە یاسا و ڕێساکانی بەکارهێنانی زمان لە دەوروبەرە جیاوازەکاندا .

چۆنێتیی دەربڕینی مەبەست و لێکدانەوەی مەبەست و زمانی ناڕاستەوخۆ و چۆنێتیی بەڕێوەبردنی گفتوگۆکانە، ئاگاداربوون و ڕەچاوکردنی دەوروبەر و هەڵبژاردنە پراگماتیکییەکان و ئامانجەکانە لە کردەی پەیوەندیکردندا. لەگەڵ ئەوەشدا ڕێکخستنی چۆنێتیی بەکارهێنانی زمان دەگرێتەوە بۆئەوەی کاریگەرتر و گونجاوتر بێت لە بارودۆخە جیاوازەکانی پەیوەندیکردندا. لە بنەڕەتدا، مێتاپراگماتیکی درکپێکردنانە تیشک دەخاتە سەر ئەوەی، کە مرۆڤ چۆن بە ئاگا دەبێت لە بەکارهێنانی زماندا و چۆن توانای بەکارهێنانی زمان بەشێوەیەکی کاریگەر لە دەوروبەری جیاوازدا بەڕێوە دەبەن. ئەوە لەبەرچاو دەگرێت، کە چۆن بیرکردنەوەکان لە کاتی پەیوەندیدا کاریگەری لەسەر ڕەفتاری پەیوەندیکردن هەیە و چۆن دەتوانرێت لێهاتوویی پراگماتیک باشتر بکات .

## ٢ .زمانی کوردی و ئاگایی مێتاپراگماتیکی درکپێکردنانە:

### ١,٢ .ئاگایی مێتاپراگماتیکی درکپێکردنانە و کلتووری کوردی:

کلتوور ئاگایی مێتاپراگماتیکی درکپێکردنانە لە قاڵبدەدات، کاریگەری هەیە لەسەر چۆنێتیی لێکدانەوەی پەیوەندیکردن، ئەوەی مرۆڤ تێبینی دەکات، چ یاسایەک پەیڕەودەکرێت لەکاتی پەیوەندیکردندا، ئەمەش دەرخەری ئەوڕاستییەیە، کە((لەبنەڕەتدا هەموو پرۆسەیەکی پەیوەندیکردن نزیکەی هەمیشە کلتوور لەخۆدەگرێت))
(Ying et al., 2022:1367).

بەمەش دەکرێت بوترێت بەکارهێنانی زمان پراکتیزەکردنی کۆمەڵایەتی و کلتوورییە، هەربۆیە بەکارهێنانی زمان بەشێوەیەکی گونجاو و کاریگەر لەڕووی کلتوورییەوە سەرکەوتنی پەیوەندییە، مەبەست لە کلتووریش ((ئەو پێکهاتە ئاڵۆزەیە، کە زانین، باوەڕ، یاسا، ڕەوشت، داب و نەریت و هەر توانا و خوویەکی دیکە لەخۆدەگرێت، کە مرۆڤ وەک ئەندامێکی کۆمەڵگا بەدەستی هێنابێت))

(miran et al., 2021:355) لەمەوە دەکرێت بوترێت، زانینی کلتوور جۆرێکە لە ئاگایی، کە بەزۆری بەشێوەیەکی نائاگا لەڕێگەی تێکەڵبوون لە کلتووری ڕەسەنی مرۆڤەکەدا لە منداڵییەوە بەدەستی دەهێنێت یاخود لەڕێگەی پەروەردە و فێرکردنەوە دەکرێت بەدەستبهێنرێت، بەمجۆرە ((کلتوور دیاردەیەکی فراوان و گشتییە، کە بەسەر هەموو پێڕەوێکی کۆمەڵایەتیدا حوکمدەکات)).

(miran et al., 2021:357) بەمپێیە، چوارچێوەی کلتوور کاریگەری لەسەر ڕەفتار و هەڵوێستی مرۆڤەکان هەیە، ((ڕەفتاری زمانەوانیش هاوبەشە لەگەڵ جۆرەکانی تری ڕەفتاری کۆمەڵایەتیدا)) (Verschueren, 1999:195)

هەربۆیە چۆنێتیی بەکارهێنانی زمان لەژێر کاریگەری کلتووری زمانی ئامانجدا هەیە، بەمەش کلتوور کاریگەری زۆری لەسەر ئاگایی مێتاپراگماتیکیی تاکەکان هەیە، بەوپێیەی مێتاپراگماتیک بریتییە لە گونجاویی بەکارهێنانی پراگماتیکانەی زمان .

ئاگایی تاکەکان لەڕووی کلتوورییەوە لەکاتی پەیوەندیکردندا زۆرگرنگە و پاشخانی کلتووری مرۆڤ دیاریدەکات، کام شێوازی پەیوەندیکردن هەڵبژێرێت، کامیان کاریگەرترە، کامیان پەسەندە و کامەی ڕەتدەکرێتەوە، بەهۆی ئەوەی((کلتووری هەر کۆمەڵگایەک شتێکە، کە هەموو کەسێک دەبێت بزانێت یان باوەڕی پێی هەبێت بۆئەوەی بەشێوەیەک ڕەفتار بکات، کە لەلایەن

کەسانی دیکەوە قبووڵبکرێت)) (miran et al., 2021:356)هەروەها کلتوور یارمەتی تاکەکان دەدات، لێکدانەوەی گونجاو بۆ قسەکانی کەسی بەرانبەر بکەن بۆ گەیشتن بە واتای مەبەستی قسەکەر. وشە و دەستەواژەکان ئاماژەن بۆ واتاکانی دەرەوەی پێناسە فەرهەنگی خۆیان، مەبەست لەمەش ئەوەیە واتای وشەکان زۆرجار لەدەرەوەی فۆرمە زمانەوانییەکانەوەن (تۆنی دەنگ، ئاوازە، شێوەزار، ئاستی فۆرمالیزم..تاد) کلتوور دیاریدەکات، کە واتایان چییە، بۆنموونە "بەرکەوتنی چاو" لەهەندێک لەکلتووردا نیشانەی ڕێزگرتن و متمانەیە، لەکاتێکدا دەکرێت لەهەندێک کلتووری دیکەدا نیشانەی بێڕێزی یان تەحەدا بێت، بەمەش ئاگایی مرۆڤ لەواتای دەربڕاوە زمانی و نازمانییەکان لەڕووی کلتوورییەوە بەرنامە بۆداڕێژراوە.

ئاگایی مێتاپراگماتیکی درکپێکردنانە لەڕووی کلتوورییەوە بریتییە لەزانینی ئەوەی کەی و کام وشە و دەربڕاوانە و کامە شێوازی گفتوگۆبەکاردەهێنرێت بۆ پەیوەندیکردن؟ ئەو شێوازەی، کە بە بەڕێزی، بێڕێزی، فەرمی یان گاڵتەجاڕی ئەژماردەکرێت لەڕوانگەی کلتوورەوە پێناسە دەکرێت، چونکە((کلتوور هەندێک ستانداردی داناوە، کە ئەندامانی کۆمەڵگا دەبێت گوێڕایەڵی بن، ستانداردەکان دەبێت وریایی و چاودێری بکرێن و بەڕوونی ڕەنگدانەوەی قسەکردن و نواندن و ڕەفتاری تاکەکان بن))

(miran et al., 2021:262)، بۆنموونە لە کلتووری کوردیدا ((گەنجان، منداڵان، هەرزەکاران، دەبێت هەمیشە گوێڕایەڵی گەورەکانیان بن-و هەرگیز نابێت دەنگیان بەسەر گەورەکانیاندا بەرزبکەنەوە)). (سەرچاوەی پێشوو:٣٦٠) هەروەها ئەو وشە و دەستەواژانەی، کە منداڵان بۆ قسەکردن لەگەڵ گەورەکاندا بەکاریدەهێنن، لە کلتووری کوردیدا هەمیشە پڕە لە ڕێز و ناڕاستەوخۆیی، بۆ نموونە:

**(٤): آ- مۆڵەتدەدەن من قسەبکەم؟**

**ب- ئەگەر ڕەزامەندی هەبێت/بهێڵن، دەمەوێت بڵێم، کە .....**

ئێستا ئەگەر لە نموونەی (٤) بڕوانرێت دەردەکەوێت، کە کەسی قسەکەر دەزانێت، کە بەپێی داب و نەریت و یاساکانی کلتووری کوردی قسەکردن لەگەڵ گەورەتر لەخۆیدا دەبێت ڕێکخراوبێت و پڕبێت لە دەستەواژەکانی ڕێزگرتن و ناڕاستەوخۆیی (بەڕێز، ئەگەر.....، دەکرێت...، مامۆستا، دکتۆر ...تاد).

جگە لەمەش ئاگایی مێتاپراگماتیکی درکپێکردنانە زۆرجار دەردەکەوێت لەڕێگەی پەسەندبوونی زۆری زمانی ناڕاستەوخۆ بەتایبەتی لە دەربڕینی داواکاری، ڕەخنە و ڕەتکردنەوەی داواکاریدا، واتە کلتووری کوردی لەزۆربەی پەیوەندییەکاندا ڕێگە بە تاکەکان دەدات بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆ قسەبکەن، ئاگایی ئەوەیان هەبێت کاتێک بیانەوێت بگەن بە ئامانجێک چ شێوازێکی گفتوگۆ بەکاربهێنن، ئەمەش یارمەتی تاکەکان دەدات بۆ بەرزبوونەوەی ئاستی ئاگاییان، بۆ ڕوونکردنەوەی ئەمەش ئەگەر لە نموونەکانی(٥) بڕوانرێت:

**(٥): آ-دەزانم، زۆر مەشغوڵیت، بەڵام دەکرێت لەگەڵم بێیت بۆ نەخۆشخانە؟**

**ب- کاتت هەیە لەگەڵم بێیت بۆ نەخۆشخانە؟**

**پ- ئەگەر تۆ بێیت باشتر/خۆشتر دەبێت.**

**ت- بۆچی تۆ نایەیت لەگەڵم؟**

ئێستا ئەگەر سەیری نموونەی(٥-آ) بکرێت دەردەکەوێت، کە قسەکەر لەبری داواکردنێکی ڕاستەوخۆ بۆ یامەتیدان (لەگەڵم وەرە/ دەبێت لەگەڵم بێیت) لەڕێگەی دانانی پێشەکییەک بۆ قسەکەی هەستکردن بە بارودۆخی گوێگر(دەزانم زۆر مەشغوڵیت)، و دانانی مەرج و نیشاندانی ڕێز (ئەگەر کاتت هەیە)، کە ئەمە جۆرێکە لە دانانی ڕێزێکی زۆر بۆ کەسی گوێگر و ئەگەری گەیشتن بە ئامانج و مەبەستی پەیوەندیکردن زیاتر دەکات، هەروەها هێشتنەوەی دەرفەتی هەڵبژاردن بۆ گوێگر لە ڕێگەی ئاڕاستەکردنی داواکارییەکە لە شێوەی ڕستەی پرسیاریدا، لەبری فەرمانێکی ڕاستەوخۆی (لەگەڵم وەرە)، بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆ داوای یارمەتی لە گوێگر دەکات. قسەکەر ئاگایی ئەوەی هەیە، کە لە کلتووری کوردیدا ئەم جۆرە داواکارییانە ئەگەری گەیشتن بە ئامانج و مەبەستی پەیوەندیکردنیان زیاترە لەبەرانبەردا داواکارییەکی ڕاستەوخۆ لەوانەیە ناپەسەند بێت .

هەربۆیە لەڕێگەی پێشەکیکردن و نیشاندانی ڕێز و هێشتنەوەی دەرفەتی هەڵبژاردن بۆ بەرانبەرەکەی و لەڕێگەی داواکارییەکی ناڕاستەوخۆوە داوای یارمەتی لە گوێگر دەکات .

لە نموونەکانی (٥-ب،پ،ت) زۆر بەڕوونی ئاگایی قسەکەر دەردەخەن سەبارەت بە چۆنێتیی بەکارهێنانی زمانی کوردی، بەپێی کۆزانیاری دەوروبەری و ئەو کەسەی گفتوگۆی لەگەڵدا دەکات، بەڵام ئەگەر بێتوو گوێگر هاوڕێیەکی زۆر نزیکی گوێگر بێیت، ئەوە لەبری ئەو ڕستانەی سەرەوە، قسەکەر پەنا بۆ یەکێک لەم نموونانەی خوارەوە دەبات:

**(٦): آ- دەبێت لەگەڵم بێیت بۆ نەخۆشخانە.**

**ب- هەر دەبێت لەگەڵم بێیت.**

**ب- حەدت چییە لەگەڵم نایەیت.** (ئەگەر گوێگر بیەوێت داوای قسەکەر ڕەتبکاتەوە)

**ت- خۆت حازرکە، دەچین بۆ نەخۆشخانە.** (بەبێئەوەی پێشتر ئاگاداری کردبێتەوە)

ئەمەش ئەوە دەسەلمێنێت، کە جیاوازیی کلتووری، کاریگەری لەسەر شێوازی پەیوەندیکردنی تاکەکان هەیە، واتە کلتوورەکان جیاوازی زۆریان هەیە بۆ ڕاستەوخۆیی-ناڕاستەوخۆیی، خۆبەرزکردنەوە بەرانبەر شەرم یان ڕێزگرتن، بێدەنگی-ڕوونکردنەوە، بەمپێیە ئاگایی مێتاپراگماتیک بریتی دەبێت لەزانینی هەموو ئەم سیناریۆ کلتوورییانە، کە ئاگایی مێتاپراگماتیک لە قاڵبدەدەن. بۆنموونە لە کلتووری کوردیدا کاتێک کەسێک بیەوێت بۆچوێنێکی خۆی ڕوونبکاتەوە یاخود هەڵەتێگەیشتنێک ڕاستبکاتەوە، زۆرجار لەڕێگەی پرسیارکردن یان بەکارهێنانی دەستەواژە پراگماتیکییەکان ئەم کارە دەکات، بۆنموونە:

**(٧): آ- دەزانیت مەبەستم چییە؟**

**ب- مەبەستم ئەوەبوو بڵێم، .....**

**پ- خراپ لە قسەکەم تێگەیشتیت.**

**ت- جا من کەی وام گوت؟**

**ج- ئەوە کەی پەیوەندی بە قسەکەی منەوە هەیە؟**

نموونەی (٧) ئەوە نیشاندەدات، کە قسەکەرانی زمانیی کوردی دەبێت شێوازە جیاوازەکانی قسەکردن بزانن و ئاگادارییابن و تێبگەن، کە کام دەربڕین لە کام دۆخدا گونجاوە. نموونەکە دەریدەخات، کە قسەکەرانی زمانی کوردی چۆن لەڕێگەی شێوازە جۆراوجۆرەکانی قسەکردنەوە هەوڵی ڕوونکردنەوەی مەبەست و چارەسەرکردنی هەڵە تێگەیشتنەکان دەکات، کە شێوازیش بەشێکە لە مێتاپراگماتیک لە (٧-آ) دا قسەکەر بۆئەوەی دڵنیابێت لەوەی، کە مەبەستەکەی وەک خۆی بە گوێگر گەیشتووە پرسیارێک ئاڕاستەی گوێگر دەکات. لە نموونەی (٧- ب، پ، ت، ج) دا قسەکەر لەڕێگەی دەستەواژەکانی (مەبەستم بوو، خراپ تێگەیشتیت، کەی واموت، پەیوەندی بە قسەکەی منەوە نییە) چوارچێوەیکی مێتاپراگماتیکی بۆ قسەکانی دادەنێت و هەوڵی ڕوونکردنەوەی قسەکانی دەدات، تاکو هەر هەڵە تێگەیشتنێک لەلایەن گوێگرەوە هەبێت چارەسەری بکات.

هەروەها لە کلتووری کوردیدا جۆری پەیوەندی نێوان بەشداربوانی ئاخاوتن کاریگەری لەسەر شێوازی قسەکردن دەبێت، هەربۆیە کاتێک کەسێک قسە دەکات هەوڵدەدات بەپێی کەسی

بەرانبەر شێوازی قسەکردنەکەی هەڵبژێرێت، بۆنموونە کاتێک قسە لەگەڵ هاوڕێیەکتدا دەکەیت بەشێوەیەکی سادە و ڕاستەوخۆ قسە دەکەیت، بەڵام کاتێک هەمان کەس قسە لەگەڵ مامۆستاکەی یان کەسێکی گەورەتر لەخۆی دەکات بەشێوازێکی بەڕێزانەتر و ڕێکخراوتر قسەدەکات.

**(٨): آ- دەزانم، کە من بچووکم و نابێت قسەبکەم، بەڵام بیرم دەکردەوە کە......**

نموونەی (٨)، ئەوە دەردەخات، کە قسەکەرانی زمانی کوردی چۆن بەشێوەیەکی ئاگایانە و بەڕێزانە لەکاتی پەیوەندیکردندا لەڕێگەی ڕوونکردنەوەی جۆری پەیوەندییەکانیانەوە، دەتوانن ئەو واتایەیە مەبەستییانە بیگەیەنن. لە نموونەکەدا قسەکەر بەڕوونی دەزانێت، کە پەیوەندییەکەیان(بچوکتر) کاریگەری دەبێت لەسەر مافی بەدەستهێنانی قسەکردن .

لەم ڕوانگەیەوە ((ئاگایی مێتاپراگماتیک هەوڵدەدات بۆ پێناسەکردنی ناسنامەی قسەکەر یان سەرچاوەی پەیامێک))

(Verschueren, 2000:452) هەربۆیە قسەکەر پێش ئەوەی دەستبکات بە قسەکردن دەربارەی مەبەستەکەی دەستدەکات بە دیاریکردنی شوێنی خۆی لە پەیوەندییەکەدا لەڕێگەی دەستەواژە پراگماتیکییەکانی (دەزانم، نابێت، بچوکترم)، و بەهۆیانەوە مافی قسەکردن بەدەستدەهێنێت و پاشان مەبەستکەی خۆی بە گوێگرانی دەڵێت، ئەم دەستەواژانە جگە لەوەی یارمەتیی گویگر دەدەن ئەم شێوازە قسەکردن و دەربڕینانەش بەهۆی کلتووری کوردییەوە بەدەستی هێناوە و کلتوور ڕێگەی پێدەدات بزانێت چۆن بەپێی پێگەکەی مەبەست و پەیامەکانی بگەیەنێت ئاگایی ئەوەی پێدەدات گونجاوترین شێواز بۆ گفتوگۆکەی هەڵبژێرێت بەپێی جۆری پەیوەندییەکەی لەگەڵ کەسانی تردا.

کەواتە دەکرێت ئاماژە بەوە بکرێت، کە ((هەر کۆمەڵگایەک سیستەمی کۆمەڵایەتیی خۆی هەیە، کە هەڵسوکەوتی ژیان بۆدانیشتوانەکەی پێکدەهێنێت)) (سەرچاوەی پێشوو:٣٥٥) چۆنێتیی پەیوەندیکردن و بەکارهێنانی زمانیش بەشێکی دانەبڕاوە لە ژیانی مرۆڤ، هەربۆیە دەکەوێتە ژێر کاریگەریی کلتوور و سیستەمی کۆمەڵایەتیی قسەکەرانەوە. بۆنموونە لە کلتووری کوردیدا هەر بۆنەیەکی کۆمەڵایەتی کۆمەڵێک قسە و دەستەواژەی تایبەت بەخۆی یاخود کۆمەڵێک شێوازی ڕەفتارکردنی هەیە، کە بۆ بۆنەیەکی تر بەکارناهێنرێت و پەسەندکراو نییە، بۆنموونە لە بۆنەیەکی وەک پرسەدا، خەڵک بەزۆری ئەم دەستەواژانەی خوارەوە بەکاردەهێنن:

**(٩): آ- خوا سەبووریتان بدات. یان خوا جەزاتان بداتەوە.**

**ب- بۆ خۆتان خۆشبن.**

**پ- دەستم بشکێت. یان یاخوا نەژیم تەنانەت ئەگەر پەیوەندییەکی نزیک لەنێوان خاوەن پرسە و قسەکەردا نەبێت)**

**ت- بە جوانی بەهەشت بێت. (ئەگەر کۆچکردوو کەسێکی تەمەن گەورەش بووبێت)**

**ج- تەمەنی درێژی بۆ ئێوە جێهێشتبێت .**

**چ- زۆرم پێناخۆشبوو، چی بکەین دەسەڵات نییە. یان هەمووومان میوانی گۆڕین. یان ئێمەش بۆ لای ئەو دەچین.**

هەموو ئەو دەربڕاوانەی نموونەی (٩)، تایبەتن بە پرۆسەی بەڕێوەبردنی پرسە لە کلتووری کوردیدا و ئاگایی تاکی کورد نیشاندەدەن، کە چۆن زمان بەکاردەهێنن لەو بۆنە تایبەتەدا. تەنانەت لەڕووی هەڵس و کەوت و پۆشینی جل و بەرگیشەوە ڕەچاوی باری دەروونی و هزری کەسی خاوەن پرسە دەکەن، جۆرێک ڕەفتار ناکەن، کە غەمباری بکەن یان پێچەوانەی کلتووری کوردی بێت. هەموو ئەم شێوازی هەڵس و کەوت و گفتوگۆکردنە، دەگۆڕێت کاتێک بۆنە کۆمەڵایەتییەکە دەگۆڕێت بۆ بۆنەیەکی وەک هاوسەرگیری یان میوانداری، بۆ ڕوونکردنەوەی ئەمەش وەک پێویستییەک نموونەکانی (١١،١٠) دەخرێنە ڕوو:

**(١٠): دەربارەی پرۆسەی هاوسەرگیری:**

**آ- کچم بڕیار لە دەستی خۆتە.**

**ب- خوای گەورە ڕێکی بخات یان خوای گەورە ئاسانی بکات. یان هەندێجار دەوترێت ئەگەر ویستی خوای لەسەربێت، پێشکەشتان بێت**

**پ- بڕیاری من لەدەستی گەورەکاندایە.**

**ت- پیر و خەڕۆبن. یان پیرۆزتان بێت. یان هەندیکجار دەوترێت پەشیمانی لەدوا نەبێت.**

**(١١): دەربارەی میوانداری:**

**آ- ماڵ ماڵی خۆتانە**

**ب- ئاوەدانتان کردەوە .**

**پ- گەورەتان کردین.**

**ت- یاخوا بەخێربێن سەرچاومان.**

**ج- زۆر خۆشحاڵبووین بە هاتنتان.**

دەربڕاوەکانی نموونەی (١٠، ١١)، ڕوونیدەکەنەوە، کە مێتالانگویج (بەکارهێنانی زمان) هەڵقوڵاویی ڕەهەندە کۆمەڵایەتیی و کلتوورییەکانە، واتە لە هەر نەتەوە و زمانێک تایبەتن بە کۆمەڵانی خەڵکەوە. نموونەکانیی (١٠، ١١) نیشانی دەدەن، کە پەیوەندییەکی زۆر بەهێز لەنێوان کلتووری کوردی و ئاگایی مێتاپراگماتیکی درکپێکردنانەدا هەیە، بەو پێیەی زۆر بە ئاسانی و سەرکەوتووی دەتوانن زمانەکەیان بەکاربهێنن بەپێی گۆڕینی ئەو بۆنەیەی، کە تێیدا بەشدارن، هەموو ئەو دەربڕینانەش پێویستییان بە زانیاریی مێتاپراگماتیکیی و ئاگایی هەیە، چونکە یارمەتیی بەکارهێنانیی سەرکەوتوانەی زمان دەدات، بەپێی جۆر و چوارچیوەی پەیوەندییەکە، یارمەتیی قسەکەران دەدات بزانن کام دەربڕین لە کام دۆخدا گونجاوە.

ئەم ئاگایی و بەکارهێنانی زمانە بەپێی شوێنیش دەگۆڕێت، کەسانی لادێ نشین زۆر جیاوازتر دەردەکەون لە بۆنە کۆمەڵایەتییەکاندا بە بەراورد بە کەسانی شارنشین، بۆنموونە لە بۆنەیەکی وەک میوانداریدا کاتێک دەبێتە میوانی لادێ نشینێک تاکو کاتی هەستان خاوەن ماڵ بەردەوام بەخێرهاتنت دەکات .

ئاگایی مێتاپراگماتیکی درکپێکردنانە لە پەیوەندیی نێوان کلتوورەکاندا دەکرێت ببێتە سەرچاوەی تێنەگەیشتن و پێکدادان، ئەمەش کاتێک ڕوودەدات، کە قسەکەران یاسا مێتاپراگماتیکییە کلتوورییەکانی زمانەکەی خۆیان بەکاردەهێنن بۆ لێکدانەوەی دەربڕاوەکانی کەسێک لە کلتوورێکی دیکەوە، بۆنموونە وەک لێکدانەوەی دەربڕاوە ڕاستەوخۆکان بە بێڕێزی...تاد، بەمەش شکستی پراگماتیکی ڕوودەدات ((هەر ئەم جۆرە شکستەیە، کە دەبێتە هۆی تێکچوونی پەیوەندییە نێوان کلتوورییەکان)) (Hindawi et al., 2014:16) بۆئەوەی ئەم پێکدادان و شکستە ڕوونەدات پێویستە لەکاتی پەیوەندیکردندا ((جیاوازییە کلتوورییەکان لەبارچاوبگیرێت)) (Yan:2022:368)،

چونکە واتای وشە و دەستەواژە پراگماتیکییەکان و هەروەها واتا نازمانییەکانیش بەپێی کلتوور دەگۆڕێن بەمپێیە دەکرێت ((جیاوازیی کلتووری بە هۆکاری بنەڕەتی شکستی پراگماتیکی)) دابنرێت(Sheng, 2016:36) هەرچەندە(( کاسپەر پێی وابوو باو و ئاساییە، کە قسەکەران شکست بهێنن لەبەدەستهێنانی واتای ڕاستەقینەی یەکتر کاتێک گفتوگۆ دەکەن)) (Yue et al., 2020:36)، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا مرۆڤ دەبێت ئاگاداری ئەوەبێت، کە پەیوەندی سەرکەوتووی نێوان کلتوورەکان پێویستی بە پەرەپێدان و بەرزکردنەوەی ئاستی ئاگایی

مێتاپراگماتیک هەیە لە بەها و یاساکانی کلتوورەکانی تر، ئەو کەسانەی توانای ئاگایی مێتاپراگماتیکی بەرزیان هەیە دەتوانن بەڕوونی و بەئاسانی جیاوازییە پراگماتیکییەکان ببینن و بتوانن دانوستان بکەن لەسەر یاسا هاوبەشەکان لەکاتی ڕوبەڕووبوونەوەی نێوان کلتوورەکاندا .

بەمپێیە ئاگایی کلتووری ئاماژەیە بۆ ناسینەوە و تێگەیشتن لە جیاوازی و لێکچونەکانی نێوان کلتوورەکان، ئەمەش بریتییە لە دانان و ڕێزگرتن لەو شێوازە جۆراوجۆرانەی، کە مرۆڤەکان تێیدا دەژین، بەو پێیەی((ئەندامانی هەر کۆمەڵگایەک بەشێوەیەکی تایبەت دەژین، کە لە بیروباوەڕ و بەها و پێوەرەکانیاندا ڕەنگدەداتەوە))
(miran et al., 2021:355)

هەربۆیە پەرەپێدانی ئاگایی مێتاپراگماتیکی درکپێکردنانە لە ڕوانگەی کلتوورەوە زۆر گرنگە بۆ پەیوەندی کاریگەر، پەیوەندی باشتر و بڕیاردانی ئاگادارانە، ئەمەش بریتییە لەزانینی ئەوەی چۆن پاشخانی کلتووریی تاکەکان، کاریگەری لەسەر بۆچوون و تێڕوانین و هەڵبژاردنەکانی قسەکەران دەبێت لەکاتی کارلێک و پەیوەندییەکانیاندا. لەگەڵ ئەوەشدا کلتوورەکان جیاوازن لەکاتی پەیوەندیکردندا سەرنجیان لەسەر چی دەبێت، کام لایەنەی پەیوەندیکردن زیاتر گرنگی پێدەدەن(بۆنموونە؛لایەنی ڕێزگرتن، پلەبەندی، دەربڕینی تاکەکەسی، هاوسەنگیی گروپی، تۆنی سۆزداری، ...تاد) ئەمەش ئەوە لە قاڵبدەدات، کە مرۆڤ لەکاتی پەیوەندیکردندا ئاگایی مێتاپراگماتیک دەربارەی کام لایەنە پەرەپێدەدات .

لەکۆتایدا دەکرێت ئاماژە بەوە بکرێت، کە کلتوور کاریگەرییەکی گەورەی لەسەر ئاستی ئاگایی مێتاپراگماتیکی درکپێکردنانە لە لای تاکەکان هەیە، هەتاکو کۆزانیاری کلتووری زیاتر بێت ئاستی ئاگایی تاک زیاتر دەبێت، چونکە ئاگایی مێتاپراگماتیک ئاماژە بە بەکارهێنانی گونجاوی پراگماتیکانەی زمان دەکات لەکاتی گفتوگۆدا و بۆ ئەمەش کلتووریش یارمەتی قسەکەران دەدات.

## ٢,٢ .کاریگەریی کۆزانیاری و بناغەی هاوبەش لەسەر ئاگایی مێتاپراگماتیکی درکپێکردنانە لە زمانی کوردیدا :

کۆزانیاری و بناغەی هاوبەشی تاکەکان کاریگەرییەکی گەورەی لەسەر ئاگایی مێتاپراگماتیکی درکپێکردنانە هەیە، بە دارشتنی ئەوەی، کە تێبینی دەکەین، چۆن واتا لێکدەدەینەوە و چۆن وەڵام دەدەینەوە لە کاتی پەیوەندیکردندا. دەکرێت بوترێت ئاگایی ((پەیوەندی بەو کۆزانیارییەوە هەیە، کە مرۆڤ هەیەتی سەبارەت بەو پەیوەندییانەی، کەلەناو خودی پێڕەوی زمانەوانیدا بەدەستی دەهێنێت (بۆنموونە لە سەرانسەری ڕستە جیاوازەکاندا) )) (Pratt & Nesdale, 1984:105-125)، واتە کۆزانیاری سەرنجی مرۆڤ ئاڕاستەی زانیارییە پەیوەندیدارەکان دەکات لە کارلێکەکاندا، ئەمەش پرۆسەی گەیشتن بەواتا و لێکدانەوەی گونجاو ئاسانتر و خێراتر دەکات، لەڕێگەی چەمکەکانەوە، بەهۆی ئەوەی ((چەمک بەرجەستەکردنی کۆزانیارییە کەڵیکەبووەکانی مرۆڤە دەربارەی جۆر و شێوە تایبەتمەندییەکانی ئەو بوونانەی لە ژینگە و دەوروبەر و جیهاندا هەن. مرۆڤ بەهۆی چەمکەکانەوە شارەزاییە کۆنەکانی بە شارەزاییە نوێیەکانییەوە دەبەستێتەوە)) (ابراهیم، ٢٠١٩: ٥٢)، بەمپێیە کۆزانیارییە زمانەوانییەکان ڕێگە بە ناسینەوەی بەکارهێنانی ڕاست و هەڵەی زمان، ئاستی ڕێزگرتن و باری قسەکەر، ...تاد دەدات، بۆنموونە ئاگاداربوون لەوەی:

**(١٢): دەتوانیت.....؟" بەڕێزانەترە لە "بیکە، بیهێنە، پێم بدە..تاد"**

بۆ ئەمەش کۆزانیاری ئاگادارماندەکاتەوە، لەوەی چی پەسەندکراوە و بەڕێزانەیە، چی قسەیەک یان ڕەفتارێک ڕەتدەکرێتەوە لە کاتی بۆنە تایبەتەکان یان پەیوەندییە ڕۆژانەییەکان لە چوارچێوە جیاوازەکاندا .

مرۆڤ بۆئەوەی بتوانێت پەیامەکانی بگەیەنێت و لە پەیام و واتای ئەوانی تر تێبگات پێویستی بە هەردوو چەمکی ئاگایی و کۆزانیاریی هەیە، کۆزانیاری و بناغەی هاوبەش کاریگەریی گەورەیان لەسەر ئاگایی مێتاپراگماتیکی درکپێکردنانەی تاکەکان هەیە، بەپێچەوانەشەوە کۆزانیاری پێویستی بە تێگەیشتن و ئاگایی هەیە بۆئەوەی ببێتە جۆرێک لە زانست و حیکمەت. بناغەی هاوبەشی نێوان بەشداربوانی ئاخاوتن ڕێنمایی مرۆڤ دەکەن بەوەی، لە کاتێکدا چی بڵێین و چی نەڵێین، بۆنموونە کاتێک زانیاریی هاوبەشت لەگەڵ کەسێک هەیە پێویست بە ڕوونکردنەوەی زۆر و ناپێویست ناکات، چونکە بناغەی هاوبەش تێگەیشتنێکی ئاگادارانەتر دابیندەکات، وەک لە نموونەی (١٣) دەردەکەوێت:

**(١٣): پرێنتەرەکە جارێکی تر گیربووەتەوە.**

نموونەی (١٣)، هەرچەندە وەک ڕستەیەکی هەواڵی دەردەکەوێت، بەڵام لە ڕاستیدا، ئەمە زۆر دوورە لەوەی، کە هەواڵگەیاندنێک بێت، بەڵکو قسەکەر لەڕێگەی وشەی **"جارێکی تر"**ەوە بێزاری و ناڕەزایی خۆی نیشاندەدات بەرانبەر دووبارەبوونەی ئەم کێشەیە، نەک تەنها ڕاگەیاندنی زانیارییەک بێت. ئەم دەستەواژەیە بەرگێکی سۆزداریی تێدایە، کە قسەکەر چاوەڕواندەکات گوێگر هاوسۆزی خۆی بۆ دەربڕێت یاخو هاوکاری بکات لە چارەسەرکردنی کێشەکەدا. پەیامی شاراوەی پشت دەربڕاوەکە بریتییە لەوەی، کە قسەکەر بێزاربووە لە دووبارە بوونەوەی ئەم کێشە و چارەسەرنەکردنی و هەروەها داواکارییەکی ناڕاستەوخۆیە بۆ ئەوەی گوێگر هاوکاری بکات لە چاککردنەوەیدا. هەربۆیە بەهۆی بوونی کۆزانیاری و بناغەی هاوبەشی گوێگر لەگەڵ قسەکەردا، کە: آ- پرێنتەرەکە پێشتر خراپبووە. ب- کۆزانیاری تۆ دەربارەی ئەوەی، کە پێشتر چارەسەری یەکجاری بۆ ئەم کێشەیە نەکراوە و پ- زانیاری ئەوەی، کە تۆ شارەزاییت هەیە بۆ چاککردنی، وادەکەن، گوێگر بە ئاگابێت لەوەی، کە ئەم ڕستەیە داواکارییەکی ناڕاستەوخۆیە بۆئەوەی یارمەتیدەربێت لە چاککردنەوەی پرێنتەرەکەدا، نەک ئەوەی ڕستەیەکی هەواڵی بێت بۆ گەیاندنی زانیارییەک دەربارەی خراپبوونی پرێنتەرەکە. بەمشێوەیە کۆزانیاری چەمکەکان((توانای ناسینەوە و تێگەیشتن لە ڕووداوە نوێیەکان بەهۆی ڕووداوە کۆنەکانەوە بە مرۆڤ دەبەخشێت)) (ابراهیم، ٢٠١٩:٥٢)، بەمشێوەیە کۆزانیاری و بناغەی هاوبەشی نێوان قسەکەران ئاگایی مێتاپراگماتیک بەرەوپێشەوە دەبات، کۆزانیاری تۆ دەربارەی ئەوەی، کە وشەی "سوێندخواردن" باپیرەت توورە دەکات و بێزار دەبێت، وادەکات، کە تۆ ئاگاداری هەڵبژاردنی وشەکانت بیت، لەکاتی قسەکردن لەگەڵ باپیرتدا .

لەمەوە دەکرێت بوترێت ئاگایی وەک کۆزانیارییەکی چالاککراوە، تا کۆزانیاری زیاتر هەبێت، ئاگایی وردتر دەبێت. دەکرێت هەندێکجار ئاگایی پێش کۆزانیاری بێت، بۆ ئەمەش پێویستە ئاگاداری شتەکەبیت ئەو کات دەستدەکەیت بە کۆکردنەوەی زانیاری لەسەری، بۆنموونە"دەکرێت ئاگاداری بوونی تەکنەلۆجیایەکی نوێ" بیت، بەڵام زانیاریت لەسەری نەبێت، کە چییە و چۆن و بۆچی بەکاردەهێنرێت، لەم ڕوانگەیەوە دەکرێت ((ئاگایی وەک پێشەنگییەک بۆ کۆزانیاری سەیربکرێت، چونکە یەکەم هەنگاوە بۆ تێگەیشتن لە بابەتێک یان پرسێک)) *(Moraes:2025)*لەهەمان کاتیشدا وەک ئاماژەی پێدرا دەکرێت کۆزانیاری پێش ئاگایی بێت، مرۆڤ کۆزانیاری تەواوی دەربارەی شتێک، ڕووداوێک، وشەیەک یان ڕستەیەک هەیە ئەم کۆزانیارییە ڕێگەی پێدەدات تاکو بزانێت چۆن و لەچ کاتێکدا بەشێوەیەکی گونجاو و بە ئاگاییەوە بەکاریبهێنێت، بەمشێوەیە کۆزانیاری کاریگەری زۆری لەسەر ئاستی ئاگایی مرۆڤ هەیە، ڕێگە بە بیرکردنەوە، بڕیاردان، لێکدانەوە و تێگەیشتنێکی ئاگایانە دەدات، لەم بارەدا ((کۆزانیاری نوێنەرایەتی تێگەیشتنێکی قووڵتر و گشتگیرتر دەکات)) *(Moraes:2025)*لەبنەڕەتدا کۆزانیاری خێراترکردنی ئاگاییە لەکاتی پەیوەندیکردندا.

## ٣,٢ .کاریگەری فۆنیمەکانی زمان لەسەر ئاگایی مێتاپراگماتیکی تاکی کورد:

کۆزانیاری دەربارەی دەنگەکانی زمان، کە ئاماژەیە بە کۆمەڵێک کارامەیی و توانست، کە بەکاردێت بۆ کارکردن لەگەڵ دەنگەکاندا کاریگەری گەورەی لەسەر ئاگایی مێتاپراگماتیکی تاکەکان

هەیە. کاتێک کەسێک لەجیاتی پیتی"ع" پیتی "ح" بەکاردەهێنێت، ئەمە وادەکات تاکەکان ئاگایی ئەوەیان هەبێت کەسی قسەکەر سەر بە چ چوارچێوەیەکە. واتە ئاماژە فۆنەتیکییەکانی وەک شێوەزاریی ناوچەیی، تۆن و ئاوازەی دەنگ...تاد گوێگر ئاگاداردەکەنەوە لەسەر سەرچاوە، پێگە یان هەڵوێستی قسەکەر، هەروەها یارمەتیی گوێگر دەدەن، کە ئاگاداری باری سۆزداری قسەکەر، مەبەستی پەیوەندیکردن، ناسنامەی کۆمەڵایەتی قسەکەر بێت. کەواتە دەکرێت بوترێت ئاگایی لێرەدا ئاماژەیە بۆ((توانستی زمانیی ئاخێوەر لەبارەی ناسینەوەی سەگمێنتە فۆنۆلۆژییەکان"فۆنیمەکان"ی زمانێکی دیاریکراو و یاسا ڕێسا ڕێپێدراوەکانی بەکاربردنیان))(سعید، ٢٠٢٥: ٣٥)

*((* سێ جۆرە ڕەوت *pitch* لە زماندا دەستنیشانکراون "هێز، ئاوازە، تۆن)) (ئەمین، ٢٠٠٩: ٢٨٤)، کە لە کارلێکی نێوان تاکەکاندا ئاماژەن بۆئەوەی لە پەیوەندییەکدا چ شتێک گرنگە، یارمەتیی گوێگر دەدەن ئاگاداری واتا و مەبەستەکان بێت،((هێز و ئاوازە و خێرایی قسەکردن هۆکارێکن بۆ هەڵگرتنی واتای کاریگەر، بۆنموونە ئاگەر هێزی بەمەبەست لەسەر هەر وشەیەک بێت، ئەوا بۆ ئەوەیە، کە وەرگر بۆچوێنێک لەسەر قسەکەر وەربگرێت)) (دزەیی، ٢٠١٠:٩٣)، بۆنموونە لە ڕستەیەکی وەک :

**(١٤): من ئەم جێگایەم پێخۆشە .**

کاتێک قسەکەر هێزی سەرەکی لە ڕستەی (١٤)دا دەخاتەسەر وشەی "من" و بە تۆن و ئاوازەیەکی جیاواز دەریدەبڕێت، ئەوە دەردەخات، کە "من" گرنگییەکی زیاتری هەیە لە گفتوگۆکەدا، بەمشێوەیە قسەکەر لەڕێگەی ئەم تایبەتمەندییانەوە، سەرنج و ئاگایی گوێگر بۆ لای وشەی مەبەست ڕادەکێشێت، کەواتە دەکرێت بوترێت، کە (( لایەنی دەنگی ڕۆڵی گرنگی لە گۆڕینی واتادا هەیە)) (مەعروف، ٢٠١٢:١٢٠) لەلایەکی تریشەوە ئاوازەی ڕستە چۆنێتیی بیرکردنەوەی قسەکەر ڕووندەکاتەوە، واتە (( بە گۆڕانی ئاوازەی ڕستەکە جۆر و حاڵەتی قسەکەری تێدا دەردەکەوێت وەک تووڕەیی، نەرمی و سەرسوڕمان، لەلایەکی ترەوە بەگۆڕینی ئاوازە جۆری ڕستەکەش دەگۆڕێت، وەکو پرسیار، حاڵەت، ئەمر)) (مەعروف، ٢٠١٢:١٢٢)، بۆڕوونکردنەوەی ئەمەش نموونەی (١٥) دەخەینەڕوو:

**(١٥): ئەرێ ئەو کارەت کرد؟**

کاتێک قسەکەر بە ئاوازێکی سادە ڕستەکە دەردەبڕێت، وادەکات ڕستەکە تەنها ڕستەکەیەکی ڕاستەوخۆی پرسیاری ئاسایی بێت، لەم بارەدا گوێگر بە پشت بەستن بە کۆزانیاریی و ئاگایی مێتاپراگماتیک تەنها پرسیارێک دەبیستێت و لەسەر بنەمای وشەکان واتا لێکدەداتەوە، بەڵام کاتێک هێز و ئاوازەی ڕستە بۆ شێوەیەکی بەرز دەگۆڕێت و دەکەوێتە سەر کۆتایی ڕستە واتە دەکەوێتە سەر کرداری "کرد"، کاریگەری لەسەر واتا دەکات، جۆرێک لە سەرسوڕمان و ڕەخنە دەگەیەنێت، ئەمەش کاریگەری لەسەر ئاستی ئاگایی گوێگر دروستدەکات و یارمەتی گوێگر دەدات تاکو تێبگات، ئەمە تەنها ڕستەیەکی پرسیاری ئاسایی نییە، بەڵکو سەرسوڕمان یان ڕەخنەیە، بەمەش هێز و ئاوازە و تۆنی ڕستەکە، کە پێیان دەوترێت فۆنیم/کەرەستە ناکەرتییەکان ((دەتوانن هەڵوێست، هەست و سۆزی قسەکەر ئاشکرابکەن)) (موسا:٢٠٠٩: ٢٧) یارمەتی گوێگر دەدەن لە گەیشتن بە واتای مەبەست. هەروەها نواندنی هێز لەسەر وشە جیاوازەکان لێکدانەوەی جیاوازی دەبێت- بەمەش ئاگایی لە واتای ئاماژەپێکراو بەرزدەکاتەوە.

## ٤,٢ .وشە و فەرهەنگی وشە و کاریگەری لەسەر ئاگایی مێتاپراگماتیکی درکپێکردنانە:

هاوشێوەی دەنگەکانی زمان وشە و فەرهەنگی وشەی قسەکەرانی زمانی کوردی کاریگەری زۆریان لەسەر ئاستی ئاگاییان هەیە. هەرچی فەرهەنگی وشەی تاکەکان هەیە((تەنها لە وشەکان پێکنایەت، بەڵکو هەر وشەیەک کۆمەڵێک تایبەتمەندی و وردەکاری هەیە، کە لەم فەرهەنگەدا داکراوە و ئاخێوەر و گوێگر زانیاری تەواویان دەربارەیان هەیە، بە ڕەچاوکردنی ئەو زانیارییانە زمانەکەیان بەکاردەهێنن)) (ابراهیم، ٢٠١٩: ٣) بۆنموونە لە زمانی کوردیدا بەهۆی ئەودونیابینی و کۆزانیارییە(فۆنۆلۆجی، مۆرفۆلۆجی، سینتاکسی و سیمانتیکی)یانەی، کە قسەکەر بۆ پێشگرێکی وەک "دا" هەیەتی، بەتایبەتی لەڕووی واتاییەوە، کە "دا" (+ بەرەو خوارەوەیە)، توانای ئەوە بە قسەکەر دەدات، کە ئاگاداربێت لەو ڕستانەی، کە کردارەکانیان "دا"ی لەگەڵدایە، ئاڕاستەی جووڵەکەی بەرەوخوارەوەیە، وەک لە وشەکانی (داگرتن، دابەزین، داوەرین، ...تاد )دا دەردەکەوێت .

لەهەما کاتیشدا ((ئەوە ئاگاییە، کە دەنگە جیاکراوەکان (فۆنیمەکان) تیکەڵدەکات، بۆ بەرهەمهێنانی وشەکان))

(Arabski, 2011:110)، بۆنموونە وشەیەکی وەک "**قەڵەم**" لە فۆنیمەکانی"ق، ە، ڵ، ە، م" پێکهاتووە .

بەمپێیە هەم وشەکان کاریگەریان لەسەر بەرزکردنەوەی ئاگایی مێتاپراگماتیکی درکپێکردنانەی مرۆڤ هەیە و هەمیش ئاگایی مێتاپراگماتیکی درکپێکردنانە ڕۆڵی لە بەرهەمهێنانی وشە و ڕستەکاندا هەیە((ئاخێوەری زمانێکی دیاریکراو ژمارەیەکی زۆری وشەکانی زمانەکەی دەزانێت و بەخێرایی و بەئاسانی بەکاریاندەهێنێت و دەیانناسێتەوە)) (ابراهیم، ٢٠١٩: ٣)، کەواتە تاکەکان کاتێک قسەدەکەن هێندە ئاگایی و شارەزاییان هەیە دەربارەی وشەکانی زمانەکەیان، کە بتوانن بەتەواوی مەبەستەکانی خۆیانی پێبگەیەنن و بزانن لەکوێدا و چ وشەیەک بەکاردەهێنن، بەمەش ((کاتێک قسەکەر لەکاتی قسەکردندا بەبێوەستان و بیرکردنەوە و بەخێراییەکی زۆر دەتوانێت وشەکان بەکاربهێنێت، تەنانەت کاتێک وشەیەکی بیرناکەوێتەوە، یان بۆی نەگوترێت، ئەوا بە ئاسانی لەبری ئەو وشەیە چەندان وشەی تر بەکاردەهێنێت)) (ابراهیم، ٢٠١٩: ٤)، ئەمەش دەیسەلمێنێت، کە تاکی کورد چەندە بە ئاگا و شارەزایە، لە هەڵبژاردن و بەکارهێنانی زمانەکەی بەپێی چوارچێوە جیاوازەکان، بەواتایەکی تر قسەکەرانی زمانی کوردی دەتوانن زمانەکەیان بگونجێنن لەگەڵ ئەو چوارچێوە و بارودۆخە جیاوازانەی، کە تێی دەکەون. لەگەڵ ئەوەشدا هەڵبژاردنی وشەکانی بەپێی کەسی گوێگر دەگۆڕێت، ئەمەش بەهۆی ئەوەی ((گرنگی واتای وشەیی بەپێی جۆری بەکارهێنانی و ئاشنابوونی بە گوێگر دیاریدەکرێت))(Kissine, 2016:8) واتە لەکاتی هەڵبژاردنی وشەیەکدا جگە لەوەی قسەکەر ئاگاداری تەواوی زانیارییە (فۆنۆلۆجی ،مۆرفۆلۆجی، ڕستەسازیی و واتا)ییەکانی وشەکەیە، ئاگاداری ئەوەیشە، کە ئەم وشەیە دەکرێت لە بری کام وشە بەکاربهێنرێت و دەزانێت لە ڕستەیەکیشدا چ وشەیەک لەگەڵ چ وشەیەکی تردا بەشێوەیەکی گونجاو بەکاربهێنێت. ئاگایی ئەوەیشی هەیە تا چەند گوێگر زانیاری دەربارەی وشەکە هەیە.

بەمەش قسەکەرانی زمانی کوردی دەتوانن لەڕێگەی ئەو کۆزانیارییانەی دەربارەی وشەکان و چۆنێتیی بەکارهێنانیان هەیانە ئاستی ئاگایی خۆیان بەرەو پێشەوە ببەن، وەک لە وشەکانی نموونەی(١٦) دەردەکەوێت :

**(١٦): دەستپاک، دەستپیس، دەم اک، دەمپیس، چاوپیس...تاد**

ئێستا ئەگەر لە وشەکانی نموونەی (١٦) بڕوانین، دەبینین، کە ئەم وشانە لەڕووی واتاوە واتاکەیان زیاتر ئیدیەمن، لە زمانی کوردیدا، کە لە میتافۆڕەوە هەڵهێنجراون. واتە کۆی گشتیی واتای وشەکان لە واتای وشەپێکهێنەرەکانییەوە نەهاتووە، هەربۆیە قسەکەری کورد زمان کاتێک ئەم وشانە بەکاردەهێنێت بەپێی ئەو کۆزانیاری و ئاگاییەی، کە هەیەتی دەربارەی وشەکان و بەکارهێنانیان، بەپێی چوارچێوەی ئاخاوتن بەکاریاندەهێنێت و لێیان تێدەگات .

لەگەڵ ئەوەشدا چالاکبوونی ((وشەکان هاوکات چالاکبوونی چەندین بەهای واتاداریان لێدەکەوێتەوە))*(Kissine:2016:6)* ، واتە دەکرێت وشەکان بەپێی بەکارهێنان واتای جۆراوجۆریان هەبێت.

جگە لەوەش لەکاتی بەرهەمهێنان و دروستکردنی وشەیەکی نوێدا، تاکی کورد بەهۆی توانای درکپێکردنی تایبەتمەندییە مۆرفۆلۆژییەکانەوە، کە هەیەتی، دەزانێت کام وشە دەکرێت لێکبدرێت

لەگەڵ کام وشەی تردا و بەکاربهینرێت بۆ دروستکردنی وشەی نوێ. هەروەها دەشزانێت، کام وشانە ڕێگەپێدراون لە زماندا و کامەی ڕەتدەکرێتەوە، بۆنموونە زمانی کوردی هەموو وشەکانی نموونەی (١٦) پەسەند دەکات هەم لەڕووی دروستبوون و هەم لەڕووی واتا و بەکارهێنانەوە، بەڵام وشەیەکی وەک (چاوپاک) ڕەتدەکاتەوە، هەرچەندە بە هەمان دەستووری ئەوان دروستبووە .

بەمپێیە توانای دروستکردنی وشەی نوێ لەڕێگەی وشە و پێشگر و پاشگرەکانەوە، ڕۆڵێکی سەرەکی و سەرنجڕاکێشی هەیە لە بەرزکردنەوەی ئاستی ئاگایی مێتاپراگماتیکی درکپێکردنانەدا. ئەمەش بەهۆی ئەوەی، کە پرۆسەی وشە دروستکردن وا لە تاکی کورد دەکات زیاتر بیر لە زمانەکەی بکاتەوە و تێبینی لەسەر پەیوەندیی نێوان فۆرمی وشە و واتای وشەکەدا بکات، بۆنموونە ئەگەر لە وشەکانی ئەو نموونەیەی خوارەوە بڕوانرێت:

**(١٧): پەسەند > ناپەسەند**

**ڕاست > ناڕاست**

**دەچێت > ناچێت**

تاکی کورد دەزانێت، کە تەنها بە زیادکردنی پێشگری (نا-) وا لە وشەکە دەکات، واتاکەی بەتەواوی پێچەوانە بکاتەوە، ئەمەش وا لە قسەکەران دەکات زیاتر ئاگاداربن لەکاریگەرییەکانی پێکهاتەی وشە لەسەر واتای وشەکە یان پەیامەکە.

**(١٨): نووسەر، بینەر، خوێنەر، چێنەر، بیسەر، ...تاد**

ئەگەر سەیری وشەکانی نموونەی (١٨) بکەین دەبینین، هەریەک لە وشەکان لەڕێگەی پاشگری (ەر) ەوە دروستبوون قسەکەران دەبینن، کە چۆن پاشگرێک ڕۆڵی کەسێک لە کردارێکدا دیاریدەکات (ەر= ئەو کەسەی کە کردارەکە ئەنجامدەدات) ئەمە یارمەتیدەرە بۆ تێگەیشتنی زیاتر لە ڕستە و دەربڕاوەکان و تێگەیشتن لە وشەیەکی نوێ کاتێک بۆ یەکەمجار دەیبینێت، بەهۆی چۆنێتیی دروستبوونەکەیەوە.

بەمشێوەیە وشەکانی زمانی کوردی و چۆنێتیی دروستبوونیان، کاریگەری گەورەیان لەسەر بەرزکردنەوەی ئاگایی مێتاپراگماتیکی درکپێکردنانە هەیە، چونکە بەهۆی ئەوەی پێکهاتەی وشەسازیی کوردی، بنەمایەکە بەهێزە بۆ تێگەیشتنی گوێگر، چونکە لەڕێگەی پیکهاتەی وشە و چۆنێتی بەکارهێنانییەوە گوێگر دەتوانێت بگات بە مەبەستی قسەکەر. هەروەها پێکهاتەی وشە یارمەتیدەرە لەوەی، کاتێک کەسێک ڕووبەڕووی وشەیەکی نوێ دەبێتەوە، کە پێشتر نەیبیستووە، ئەگەر شارەزایی هەبێت لە چۆنێتیی پرۆسەی وشە دروستکردن، ئەوا بێگومان دەتوانێت واتاکەی لەڕێگەی پێکهاتەکەیەوە هەڵبسەنگێنێت و درکپێبکات، کە ئەمە بەرزتری ئاستی ئاگایی میتاپراگماتیکی درکپێکردنانەیە .

## ٥,٢ .ڕستە و داڕشتەی ڕستە و کاریگەری لەسەر ئاگایی مێتاپراگماتیک:

مرۆڤ هەمیشە لەڕێگەی ڕستە و دەربڕاوەکانی زمانەکەیەوە هەوڵی گەیاندنی واتای مەبەست و پەیامەکانی بە کەسی بەرانبەر یان گوێگرەکانی دەدات. چۆنێتیی هەڵبژاردنی ڕستەکان کاریگەری زۆری لەسەر ڕاست و دروست گەیشتنی پەیامی قسەکەر بە گوێگر هەیە، واتە کاتێک کەسێک قسەدەکات، دەبێت بزانێت چ ڕستەیەک و چ جۆرە شێوازێکی دەربڕین بۆ گەیاندنی مەبەستەکانی بەکاردەهێنێت، چونکە گەیشتن بەمەبەستی پەیوەندیکردن بەندە بەو ڕستانەی، کە بۆ گەیاندنی مەبەستەکە بەکاردەهێنرێن، ئەگەر بێتوو گوێگر نەتوانێت لە ڕستەکان تێبگات یاخود شێوازی گفتوگۆکە بەجۆرێک بێت، کە تێیدا بارودۆخی گوێگر لەبەرچاو نەگیرابێت، ئەوا گەیشتن بە ئامانجی پەیوەندیکردن بەتەواوی کەمدەبێتەوە یاخود هەر نامێنێت. هەڵبژاردنی ڕستەی گونجاو و چۆنێتیی داڕشتن و دەربڕینی، هۆکاری بنەڕەتی سەرکەوتنی پەیوەندیکردنە، کە ئەم گونجاویی بەکارهێنانی زمانە لەڕاستیدا کاری سەرەکیی مێتاپراگماتیکی درکپێکردنانەیە، بۆنموونە کاتێک فەرمانبەرێکی کورد قسە لەگەڵ بەرپرسەکەیدا دەکات، هیچ کات هەوڵنادات بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ قسەبکات، بەڵکو بەزۆری شێوازی ناڕاستەوخۆ یان پرسیاری بەکاردەهێنێت، ئەمە بۆ قسەکردنی خوێندکارێکیش لەگەڵ مامۆستاکەی یان منداڵێک بۆ دایک و باوکی یان کەسێکی گەورەتر لەخۆی هەمان شتە، وەک لە نموونەی(١٩)دا دەردەکەوێت:

**(١٩): آ- ببورە دەکرێت ئێمزا لەسەر داواکارییەکەم بکەن؟**

**ب- گەورەم ئەگەر کاتتان هەبێت دەمەوێت پرسیارێک بکەم .**

**پ- باوکە دەتوانیت پاسکیلم بۆ بکڕیت؟**

**ت- ببورە مامۆستا دەتوانیت دووبارەی بکەیتەوە؟**

لەکاتێکدا ئەگەر هەمان کەس بیەوێت قسە لەگەڵ هاوڕێیەکیدا بکات، بەشێوەیەکی ڕاستەخۆ و زۆر بە سادەیی قسەدەکات و زۆربەی داواکارییەکانیشی لەشێوەی ڕستەی فەرمانیدا دەبێت، وەک:

**(٢٠): آ- ئەو مۆبایلەم پێبدە.**

**ب- لەگەڵم وەرە بۆماڵی لەنیا.**

**پ- ئەو وانەیەم بۆ بنووسەرەوە.**

نموونەکانی (١٩، ٢٠) دەیسەلمێنن، کە قسەکەرانی زمانی کوردی چەند بەئاگان لە هەڵبژاردنی وشە و شێوازی داڕشتنی ڕستە و دەربڕینەکانیان بەپێی ئەو بارودۆخە جیاوازانەی، کە تێی دەکەون. هەربۆیە ڕستە و داڕشتەی ڕستە، کاریگەریی زۆری لەسەر گەشەسەندنی ئاگایی مێتاپراگماتیکی درکپێکردنانە دەبێت لەلای تاکی کورد، چونکە چۆنێتیی ڕیزکردن و پاش و پێشخستنی وشەکانی ڕستە ڕێگە بە قسەکەر دەدات مەبەستەکانی ڕوونبکاتەوە و لەهەمان کاتیشدا ئاسانکاری بۆ گوێگر دەکات لەگەیشتن بەو مەبەستانە. بەهۆی ئەوەی، کە لە پێکهاتە جیاوازەکانی ڕستەوە قسەکەران زیاتر بیر لە زمانەکەیان و چۆنێتیی بەکارهێنانی دەکەنەوە و تێدەگەن، کە پاش و پێشخستنی وشەکانی ڕستە، یان گۆڕینی پێکهاتەی ڕستە، کاریگەری زۆری لەسەر گەیاندنی واتا و مەبەستەکانیان هەیە، هەربۆیە بەردەوام هەوڵدەدەن باشترین شێواز هەڵبژێرن بۆ پەیوەندیکردن و بەکارهێنانی زمان. داڕشتەی ڕستەکان و تەنانەت ئەو وشانەی لە ڕستەکەدا دێن بە ڕادەیەکی زۆر کاریگەری لەسەر پەیوەندیکردن دەبێت، لە ئەنجامدا ئەمەش دەبێتە هۆی بەرزکردنەوەی ئاگایی مێتاپراگماتیکی درکپیکردنانە.

هەروەها پێکهاتەی ڕستە ڕێگە دەدات تاکەکان ئاگادارین لەوەی، کە گۆڕینی شێوازی ڕستە و ڕەفتارکردن وەک وەڵامدانەوەیەک بۆ گۆڕینی چوارچێوە و بۆنە جیاوازەکان کاردەکات، بۆنموونە قسەکەری زمانی کوردی هێندە ئاگایی و شارەزاییان هەیە، کە لە بۆنەیەکی وەک پرسەدا ناکرێت بەدەنگی بەرز پێبکەنن، یاخو جل و بەرگی ڕەنگاوڕەنگ بپۆشن، هەروەها بەئاگان لەوەی قسەکردن بە دەنگی بەرز و گێڕانەوەی نوکتە و قسەی گاڵتەجاڕانە لە کاتی پرسەدا ڕەفتارگەلێکن، کە کلتووری کوردی نەک هەر پەسەندیان ناکات، بەڵکو ڕەتیشیان دەکاتەوە. لە بەرانبەردا هەموو ئەو ڕەفتارانە پەیوەست بە ئاهەنگێک یان کۆبوونەوەیەکی خێزانی هیچ گرفتێک دروست ناکات. هەروەها دەزانن کاتێک جۆری پەیوەندیی کۆمەڵایەتی لەگەڵ گوێگردا گۆڕا پێویستە دەستبەجێ شێوازی گفتوگۆکە و ئەو وشە و ڕستانەش بگۆڕدرێن، کە بەکاردەهێنرێن، چونکە مرۆڤ کاتێک لەگەڵ کەسێکی بچووکتر لەخۆی قسە دەکات، دەزانێت هەمان شێواز بۆ قسەکردن لەگەڵ گەورەساڵانێکدا پەسەند و گونجاو نییە، لە کلتووری کوردیدا.

لەڕاستیدا ئەم تێگەیشتن و ڕەفتارکردنانە ئاستی ئاگایی و هۆشیاریی تاکی کورد دەردەخەن و دەیسەلمێنن، کە چەندە بە ئاگان لە بەکارهێنانی زمانەکەیان بە پێی چوارچێوەی پەیوەندییەکان. بۆنموونە قسەکەرانی کورد کۆزانیاریان هەیە لەسەر ئەوەی، کاتێک قسەدەکەن هەوڵبدەن ئەو

وشەیەی، کە مەبەستیانە بیخەنە سەرەتای ڕستە یان لەکاتی دەربڕینیدا بە تۆن و ئاوازەیەکی جیاواز لەوانیتر دەربیبڕن، بۆئەوەی سەرنجی گوێگر ڕابکێشێت بۆی و بەتەواوی ئاگاداری بێت، وەک:

**(٢١): آ- من سێوەکەم خوارد.**

**ب- سێوەکە من خواردم.**

ئەگەر سەیری نموونەی(٢١-آ) بکەین، کاتێک قسەکەر "من" دەهێنێتە سەرەتای ڕستەکە، بە هێز و ئاوازەیەکی جیاوازتر دەریدەبڕێت دەیەوێت بە گوێگر بڵێت، کە "من" لەو ڕستەیەدا گرنگییەکی زۆری هەیە، بەڵام کاتێک لە (٢١-ب) دا وشەی "سێوەکە" پێش دەخات مەبەستێتی بە گوێگر بڵێت، ئەوەی، کە گرنگە سێوەکەیە. بەمەش تاکەکان لەڕێگەی ئەو کۆزانیارییەی دەربارەی وشەکان هەیانە ئاستی ئاگایی خۆیان بەرەوپێشەوە دەبەن و شارەزان لە چۆنێتیی خستنەپاڵ یەکی وشەکان و ( بە ئاگایانە وشەکان، لەکاتی پەیوەندیکردندا بەکاردەهێنن و ئاگاداری وردەکاری واتا و چۆنێتیی پێکەوە هاتنی وشەکان لەگەڵ یەکتردا)) (ابراهیم، ٢٠١٩: ٤) لەمەوە دەردەکەوێت، کە کۆزانیاری بزوێنەری ئاگایی مێتاپراگماتیکی درکپێکردنانەیە، بەوەی لە ڕستەکاندا سەرنج دەخاتە سەر زانیاریە پەیوەندیدارەکان و لەئەنجامدا هەڵهێنجاندن خێراتر و وردتر دەکات و لێکدانەوەیەکی جێگای متمانە دروستدەکات .

## ئەنجامەکان

١- ئاگایی مێتاپراگماتیکی درکپێکردنانە، تیۆرییەکی نوێی لێکۆڵینەوەیە لە زمان، لە چۆنێتیی بەکارهێنانی پراگماتیکانەی زمان دەکۆڵێتەوە.

٢- ئاگایی مێتاپراگماتیک یارمەتیی تاکەکان دەدات، لە هەڵبژاردنی وشە و شێوازیی گونجاو بەپێی چوارچێوەی گفتوگۆکە.

٢-کلتوور و زمانی کوردیی، کاریگەریی گەورەیان لەسەر بەرەوپێشچوون و بەرزکردنەوەی ئاستی ئاگایی مێتاپراگماتیکی درکپێکردنانەی تاکی کورد هەیە.

٣- قسەکەرانی زمانی کوردی، ئاگاییەکی زۆریان هەیە سەبارەت بە چۆنێتیی بەکارهێنانی زمانەکەیان بەشێوەیەکی گونجاو بۆ گەیاندنی واتا و مەبەستەکانیان و هەمیش بۆ تێگەیشتن لەمەبەستی ئەوانی تر.

## سەرچاوەکان:

### بەزمانی کوردی:

ئەمین، وریا عومەر. (٢٠٠٩). *ئاسۆیەکی تری زمانەوانی*. بەرگی یەکەم، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، هەولێر..

ابراهیم، شیلان رحیم، (٢٠١٩)، نەخشاندنی کۆزانیاریی وشەیی لە فەرهەنگی ئاوەزیدا، دکتۆرا، زانکۆی سلێمانی.

سعید، سازان ظاهر، (٢٠٢٥)، ئاگایی و پارامیتەری فۆنۆلۆژییانە لە زمانی کوردیدا، گۆڤاری زانکۆی گەشەپێدانی مرۆیی، ژمارە(٢)، بەرگی (١١)، لاپەڕە(٣٣-٤٣).

د.موسا، عەبدولوەهاب خالید، (٢٠٠٩)، هێز و ئاوازە لە دیالێکتی کرمانجی سەرووی زمانی کوردیدا، دکتۆرا، زانکۆی سەلاحەدین، بڵاوکراوەکانی ئەکادیمیای کوردی ژمارە(٥٧).

مەعروف، ئارام عەبدولواحید حەمەڕەشید، ڕێزگرتن لە زمنای کوردیدا، ماستەر، زانکۆی سلێمانی.

دزەیی، د.عەبدولواحید موشیر، ( ٢٠١٠)، واتاسازی وشە و ڕستە، چاپی یەکەم، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر.

### بە زمانی ئینگلیزی:

Arabski, J. (with Wojtaszek, A.). (2011). The Acquisition of L2 Phonology (1st ed). Channel View Publications.

Hindawi, F., Mubarak, A., & Salman, S. (2014). Pragmatic Failurein Iraqi EFL Contexts. Kufa Journal of Arts, 1(20), 11–48. https://doi.org/10.36317/kaj/2014/v1.i20.6363

Jakobson, R. (n.d.). Closing Statement: Linguistics and Poetics.

Kissine, M. (2016). Pragmatics as Metacognitive Control. Frontiers in Psychology, 6. https://doi.org/10.3389/fpsyg.2015.02057

miran, R., Novakova, K. S., & Ahmed, H. I. (2021). Culture and values in Kurdish society in the Kurdistan Region of Iraq. Journal of Arts, Literature, Humanities and Social Sciences, 68. https://doi.org/10.33193/JALHSS.68.2021.515

Mubasher, G., Iqbal, M., & Rubab, I. (2024). Investigating the Impact of Explicit and Implicit Instruction on Pragmatic Awareness and Production in Non-Native Learners: A Quasi-Experimental Research. Global Social Sciences Review, IX(I), 240–249. https://doi.org/10.31703/gssr.2024(IX-I).21

Okmawati, M. (2021). The Role of Metacognitive Strategy in Learning English: Eighth International Conference on English Language and Teaching (ICOELT-8 2020), Padang, Indonesia. https://doi.org/10.2991/assehr.k.210914.036

Pratt, C., & Nesdale, A. R. (1984). Pragmatic Awareness in Children. In W. E. Tunmer, C. Pratt, & M. L. Herriman (Eds.), Metalinguistic Awareness in Children (Vol. 15, pp. 105–125). Springer Berlin Heidelberg. https://doi.org/10.1007/978-3-642-69113-3_7

Sheng, D. (2016). Analysis of Pragmatic Failure in College English Teaching. Proceedings of the 2016 4th International Conference on Management, Education, Information and Control (MEICI 2016). 2016 4th International Conference on Management, Education, Information and Control (MEICI 2016), Shenyang, China. https://doi.org/10.2991/meici-16.2016.7

Triyuono, A., & Dirham, U. R. (n.d.). PRAGMATIC COMPETENCE OR PRAGMATIC KNOWLEDGE AND ITS ROLE IN LINGUISTIC COMMUNICATION.

Verschueren, J. (1999). Understanding pragmatic. London: Edward Arnold/ New York: Oxford University Press.

Verschueren, J. (2022). Notes on the role of metapragmatic awareness in language use. Pragmatics. Quarterly Publication of the International Pragmatics Association (IPrA), 439–456. https://doi.org/10.1075/prag.10.4.02ver

Yan, Y. (2022). The Effect of Pragmatic Competence on the Communicative Competence of Second Language Learners: 2022 3rd International Conference on Language, Art and Cultural Exchange (ICLACE 2022), Luoyang, China. https://doi.org/10.2991/assehr.k.220706.074

Ying, Y., Chandra, M. R., & Susilo, P. M. (2022). The Role of Cross Culture Knowledge at Work.

Yue, X., Ding, Q., & Feng, Y. (2020). Pragmatic Failure in Cross-cultural Communication of Chinese Students: An Investigation in a Guangxi Normal University. Scholars International Journal of Linguistics and Literature, 03(02), 35–44. https://doi.org/10.36348/sijll.2020.v03i02.001

Zhang, X., & Guo, M. (2020). Metacognition and Second Language Learning. Proceedings of the International Conference on Education, Economics and Information Management (ICEEIM 2019). International Conference on Education, Economics and Information Management (ICEEIM 2019), Wuhan, Hubei, China. https://doi.org/10.2991/assehr.k.200401.024